www.kurdistannet.org
2:52 18-11-2005بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان (زافر عەبدول لەتیف) گۆران ... سازدانی ئەنوەر خەراجیانی**

بەشی یەکەمی چاوپێکەوتنەکە



ئێمە کە هەڵساوین بەم خزمەتە لە پێناوی وەرزش کارەکانی کورە لە هەر شوێنێك بن بە بێ جیاوازی فکری و حیزبی بۆ زیاد بوون و دەوڵەمەند کردنی ووشەی کوردی لە بارەی وەرزشکاراکانمان.
یاری زانی لێهاتووی ئەم جارەمان برایەکی کوردی فەیلییە کە خاوەنی چەندین خەلاتی جۆراو جۆرە هەر لە خەلاتی زێرەوە هەتا خەلاتەکانی تری بەدەست هێناوە لە سەر ئاستی عێراق و نێودەلەتی.

ئەنوەر * ناوو نازناوت، کەی کەی لە دایك بوویت، ولە چێ شارێك؟
وەلام... زافر عەبدول لەتیف ناسراوم بە گۆران کەوا ئێستا ناوی ڕەسمیم لە بەڵگەنامەکانمدا بە گۆران ناو دەبرێم، ساڵی 1961 لە شاری بەغداد لە دایك بووم.

ئەنوەر * لە ساڵی چەندا دەستت بەوەرزش کردووە؟
وەلام... هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە خولیای وەرزش بووم کەوا ڕۆژانە یاریمان دەکرد لە گەڕەکدا، بەلام وەك تیپ ساڵی 1974 تیپێکمان دامەزران بە ناوی تیپی جیڤارا کەوا زۆربەمان کوردی فەیلی بووین زۆر بەهێزبووین چونکە هەر هەمومان لاوبووین ماوەیەکی پێنەچوو ڕژێم لە سەر ناوی تیپەکە زۆربەمانی گرت، پاشان خۆیان ناوێکیان بۆداناین بە ناوی تیپی 14 تەموز ئەم ناوەش زۆری نەخایاند جارێکی ترش ناوەکەیەن پێکردین بە ناوی 17ی تەموز.

ئەنوەر * لە چی شوێنێکدا یارتی دەکرد؟
وەلام... من گۆڵچی بووم.
ئەنوەر * لە ساڵی چەند دەرکەوتیت وەك یاری زانێکی بە توانا لە سەر ئاستی عێراق؟
وەلام... من بە هۆی لێهاتوویمەوە زۆر زوو دەرکەوتم لە ناو عێراقدا هەر بۆیە لە ساڵی 1976 بووم بە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق کەوا کە هەموو خولەکانی ئەو سەردەمە بەشداریم تێدا کردووە وەك گۆڵچەکی ئەساسی تیپەکە چەندین خەلاتیشم وەرگرتووە کەوا باشترین گۆڵچی دەورەکەبووم، ساڵی 1977 خولی وولاتانی عەرەبی کەوا لە وولاتی جەزائر بەڕێوە دەچوو عێراق یەکەمی خولەکەی بەدەست هێنا کە زووربەی سەرکەوتنی خولەکە دەگەڕایەوە بۆ من کەوا دەوری باشم تێدا بینی کەوا ڕۆژانە ڕۆژنامەکانی جەزائیر و عێراق باس و وێنەی منیان بلاو دەکردەوە.

ئەنوەر * ساڵی چەند بوو پەویوەندیت کرد بە یانەی پلەی نایابی عێراقەوە؟
وەڵام... ساڵی 1978 یانەی پیشەسازی پەیوەندیان پێوەکردم بووم بە ئەندام یانەکە وەك گۆڵچیەکی ئەساسی یانەکە بەردەوام بووم تاوەکو ساڵی 1980 بۆ ماوەی 6 مانگ گیرام لەسەرئەوەی کە خۆم بە کورد دەزانی ئەوانش منیان بە عەرەب لە قەڵەم ئەدا، گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق بووم لە یاری تۆپی دەست و هەڵبژاردەی پەروەردەش بووم زۆربەی یاریەکانی گۆڕەپانیشم دەکرد وەك هەڵدانی ڕم و قورس. جارێکی ترش لە ساڵی 1983 زیندان کرام بۆ ماوەی 8 مانگ لەسەر ئەوەی کورد بووم و شیعە بووم بەعسی نەبووم نەش دەبووم بە حیزبی دوای ئازاد بووم لە زیندان لە ساڵی 1984دا یەکسەر ڕووم کردە شاری سولەیمانی لە وویشەوە بەهۆی یارمەتی برادەرانەوە توانیم بگەمە ئێران بە سەلامەتی.

ئەنوەر * دوا ووشەت چییە
وەڵام... من زۆر سوپاسی ئێوەو سایتی کوردستان نێت دەکەم کەوا منتان بەسەرکردەوە باوەڕبکەن من خۆم باسەکانی خۆم بەتەواوەتی لەبیر نەمابوو کە بەڕێزتانم بینی هەموویم جارێکی تر بە بیر هاتەوە چونکە لەوەتی لە هەندەرانم بۆ یەکەم جارە کەوا چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکرێت لە ماوەی 21 ساڵدا

ئەنوەر * زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئامادەبوونتان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە بە هیوای لەش ساغی و تەمەند درێژیت بۆ دەخوازین هیوادارین بتوانین خزمەتی هەموو وەرزشکارێك بکەین لە ڕێگای سایتی کوردستان نێتەوە، ئەو بەڕێزانەی کەوا وەرزشکاربوون یان وەرزشکارن بتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن تاوەکو ئێمەش بە خۆشحاڵیەوە چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا ساز بدەین.

ئەنوەر خەراجیانی / پەیام نێری کوردستان نێت
anwaramin @malmo2. net
www. kurdistannet. org


12 11 2005


12 11 2005




10:E GÖTAJOGGEN
IF
GÖTA
12 11 2005

دانشتوەکان سێهەم کەس گۆرانە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق ساڵی 1977



ئەم وێنەیە لەناو یاریگای نێودەوڵەتی شاری بەغداد (ملعب شعب) گیراوە